ئاسایشی هەرێم: سێ بازرگانی ماددەی هۆشبەر دەستگیرکران

دەزگای ئاسایشی هەرێمی کوردستان رایگەیاند، لەلایەن هێزەکانی بەڵووەبەرایەتی ئاسایشی ڕاپەڕینەوە لە دو چالاکیدا، سێ بازرگانی ماددەی هۆشبەر دەستگیرکران و دەستیش بەسەر بڕی 12 کیلۆگرام ماددەی هۆشبەر لەجۆری کریستاڵ گیرا.

دەزگای ئاسایشی هەرێم لەڕاگەیەندراوەکدا بڕاویکردەوە، لەڕۆژانی 7 و 8ی (ئایار/5)ی 2025 هێزەکانی بەڵووەبەرایەتی ئاسایشی ڕاپەڕین، دوای کۆکردنەوەی زانیاری و بەدواداچونی ورد، لەسەر فەرمانی دادوەری لێکۆڵینەوەی ئاسایش، توانیان ڕۆگری لەگواستنەوەی بڕی 12کیلۆگرام ماددەی هۆشبەر لەجۆری کریستاڵ بکەن کە بازرگانان بەنیازبون ماددە هۆشبەرەکە بگوازنەوە بۆ شارەکانی هەرێم.

ئاماژەی بەوەشکردوە، لەئێستادا تۆمەتباران بەبڕیاری دادوەر بەماددەی 26 لەیاسای بەرەنگاربونەوەی ماددە هۆشبەرەکان و کارتێکارە ئەقڵییەکان ڕاگیراون و لێکۆڵینەوە لەدژیانیان بەردەوامە.